

# جریوەکانی ڕووتبوونەوە

ئیسماعیل خورمالی

2005

(1)

لە فڕینی نەورەسێکدا
باڵی ئەو ڕۆژە سپیانەی ئەوم بیر دێتەوە
کە لە جەنگێکی  عاشقانەی ئێواراندا
لەشکری پەروانەی سینە و
عەتری سپی و
ئاگری سێوی تێ بەردام !

(2)

سپیدەبوو
ئەو لەکوپێکی پەمەیی  کاڵدا
لەژێر تریفەی کاکۆڵدا
چاوی لەتەک  چۆڕێ شیردا ، خول دەخوارد و
منیش بە لا لێوی ڕۆژنامەیەکی پیرەوە
لە پەروانەی شیعرێکی تاڵ ، خولم دەخوارد !

(3)

کە ئێواران
خوا بوخچەی ڕۆژ گرێ دەدا و
شەو پڕدەبێ لە جریوەی ڕووتبوونەوە و
شەو دەبێ بە شەوی ڕژان
ئێمەش مینا هەموو عاشقە بزێوەکان
مینا وێنە دەخزێنە ناو

ئەوچوار چێوانەی لە گڕو لە لەزززەتن
خوا لێمان نەشارێتەوە ،
تابەیانی
یەک لە ماچ و یەک لە گازان دەگرین !
(4)
هەنجیرێ لێومان پێکەوە گرێ دەدا
چۆڕێ شیلە شەڕێ لەماچ دەخولقێنێ
من گەرەکمە لێو و هەنجیر وەک یەک بخۆم
ئەویش هەر وا هەم هەنجیر و
هەم مرخی لەدەمی شیعر خۆش کردوووە !
(5)
سەرت بنێ بەسنگمەوە
نەفەسێ ناو نیشتیمانی دڵم تەی کە
تاوێ لەئێوارەی کوچە سەوزەکانی خوێن هەڵڕوانە
تەواشا ئەو هەموو کوچە
چەن چەن تەژیین لە بۆنی تۆ
چەن ڕۆشنن بە نووری تۆ !
(6)
کە شەو دادێ
حەزم لەگەمەی ئەو شلکە ژنانەیە
وەکوماسی ، ئاوی ناو جێ دەشڵەقێنن !
حەزم لەگەمەی ئەو سێوانەیە
سەری پەنجە داغ دەکەن و
دڵ بە مەکری گڕ دەکوژن !

(7)
ئێوارەیەک
تەپ و نم باران دەباری
لەناو ڕژانی ئەو هەموو دڵۆپەدا
گوڵەکان لەمەمکی یەکیان هەڵدەڕوانی و
ئێمەش تەنیا ، تەنیا و تەنیا
لەسەر کورسی ، پیرە پارکێکی تاریکدا
دوور لە چاوی ڕۆژنامەکانی لای شەرم
شەڵاڵی ناو ماچ و گاز بووین

وەک ئەوەی ئێمەش باران بین
ئازای بەدەنمان هەر ئاو بوو
بەڵام ، ئاو چ ئاوێ ؟
جیا لە باران ، قەترەیەکمان
باخێ ئینسانی  پێوە بوو !

(8)
ئەو لەسەر دینی پەروانە عیشق دەکا و
من لەسەر ئیمانی باران
کە مەغریبێ بەیەک دەگەین
ڕێکەوت دەبێ بە بەهار و
ئەو لێوەکانی پڕدەبن لە فڕین و
منیش پڕدەبم لە ئاگر و ماچ ، ئەلا لەماچ !
(9)
کە باراناو
دواین گوڵی کراسەکەی
بە لەشیەوە دەنووسێنێ
من لێرەوە تەڕ دەبم و
مەراقمە خوا هەموو ڕۆژێ
نمە و گەڵای شیعر
بە دڵمەوە بنووسێنێ !

(10)
هەر زەمانێ کە دەڕژێیتە
پێڵووی سەوزی ئاوێنەکەت
تۆ خۆت دەبی بە ئاوێنە و
ئاوێنەی عاشقیش بە تۆ
وای لە تۆ  ، گوڵە ئاوێنە ، وای وای لە تۆ !

(11)
کە لە قژتا پەنجەکانت بزر دەکەی
کە بە سای نیگایەکتەوە ، هەڵدەڕوانی و
دۆزەخ لە قوبەی سێوێکتا بزر دەکەی

مەر خوا ، هەر خوا ، لە کوشتاری نازت هەڵێ !

(12)

کە تۆسقاڵێ
خوا ڕەحم دەخاتە دڵت و
یەخەی کڵۆم لەو کۆترانەت دەکەیتەوە
خوا فڕین و خوا باران و
خوا شەکرە سێوم بەسەردا دەبارێنێ !
ئەڵا لەتۆ ، نیعمەتی خوا ، ئەی کۆترە ژن !

(13)

بە کۆش ، سێوی زەردەخەنە هەڵدە
با چەمی ئەم تاریکیانەی دڵ بتەقن !
بە خوڕ مەکرم بە سەردا کە
با کێڵگەی ئەم شیعرانەم بە ڕۆح بێنەوە
با تا مردن ، ڕەنگم لە مەکری تۆ
باتامردن ، پەروانەم لەباخت دانەبڕێ
ئەی پەروانە !

(14)

هێند بە ناز ، کەوشەکەت لە پێ دادەکەنی
دڵ مەیلی ڕووتبوونەوەی
هەموو جوانیەکانت دەبات
وای لە ئێوە چەن کافرن
لەیەک نازا ، هەزار دۆزەختان دەسووتێ
پێکەنە تۆ ، خوا بازاڕی مەرگی داوە !

(15)

کە بەنازێ خەیاڵ دەتبا
خەیاڵ بە ڕێی هات و نەهات دەبینم من
بۆیە خەمە ، خەیاڵێ تر ، تەنیا نەڕۆی
نیشتیمانێ شیعرت لەتەک دا بنێرم
نەبا چەتە دڵت ببا و جارێکی تر نەیەیتەوە !

(16)

تۆ بە ڕووتی لەو گەنمەدا
ئەجەلی کام زەمانەی خوێن هەڵیگرتووی

ئاخەر  هەر جارێ لە خۆت پرسیوە
ڕووتبوونەوە ، چ ئاگرێ دەخولقێنێ و
ئاگر پەڵپی چ سووتانێ هەڵی دەگرێ !

(17)
لە توێی ئەو کراسە شل و تەنکۆڵەدا
ناو شانت بە پەروانەی ڕووتی مەسپێرە
ئاخەر کچێ ، خۆر ئامانی هەڵقرچانی نییە
یان بێ ، بەسێبەری پەنجەکانی منی بەخشە
یان سێبەری ، ژێر کەپری زمانم چۆڵە
بڕۆ لەوێ ووچانێ بە !

(18)

بە چاکەتێکی چەرمەوە
چەرمت بەسەری شیعرەوە نەهێشت !
بە مەکری تەرزە تاوسی
ناو نسرمی باخێکەوە
مەکرت ، لە مەکری قەڵەمم بڕی !
من لە سیحری ئێوە ناگەم
لەهیچێکتان ، ئەی سێوە ژن !
(19)
سنگت بۆڵی ، ناسکە ڕەزێکی شیرینە و
لە وەختی چوون ، لە فڕیندا
دەبن بە باڵندەی ئاگر و
نهێنی ڕەز بۆ خوا دەبەن !

(20)
ئێوارەیەک لە حەسرەتدا
پاڵ بەقەدی ئەو دارەوە مەدە ، کە نایناسی
کچێ ئامان زەمانێکە دارەکانیش
لەمەلاسی گاز و ماچدان !

(21)

ئەوەندەم ووت ، بە گرەوە

پیاسەی ئەو باخانە مەکە

بەنازە وە تێمەپەڕە

کچێ ئەوێش ، پڕن لە باوکانەی هەوەس و

پڕن لە تەیری بە خشتە

هەر نەژنەوای ، تاجریوە خوێنی بردی !!

(22)

ئۆی کەنیشکە

تۆ چەن بێ خەم

لەهەرێزی ئەو گوێئاوا درێژ دەبی !

تۆ ناترسی باوان شێواو

چلێ گیا هەوەس بیگرێ و

دوا هەناسەت ، بەجووتبوونێ هەڵفڕێنێ!

(23)

ستیانێکی

پرتەقاڵی

سەرقاڵ بە میوانی

شلکە ئاگر !

سێوە ئاگر !

(24)

تۆ لە ڕەنگی فوستانێکی چویتیی دا

باوان شیرین

لەجوانیدا

بانگ لە کۆتر و بانگ لە پەروانە و

بانگ لە شەپۆل و بانگ لە خوا دەکەی

وەکو بلێ ی منیش سەرێکم هەیە لە عیشق !

(26)

ئەی ماسی تۆ ،

شەڕبە ماسی دەگێڕی تۆ

وەختێ بە فوستانێکی لووسەوە

بەسەر عەرشی ناز و مەکرا ، زریکەت دێ
زریکەی دێ و  کەس نازانێ حونجەی زریکەت کا
من نەبێ من ، بە سووتانێ ، وەکو ئاو داتدەمرکێنم !
(27)
خودایە ئەو
ڕژاوی سەر کەتانێکی شەرابییە و
هەروەک ئەوەی شەلالێ لە ئاگر بێ
بە ڕووی پەنجەرەکانی ڕوانیندا
هەم لەزەت وهەم ئاونگی ئاگر دەپرژێنێ
وای خودایە خۆش بە حاڵی ئەو عاشقەی
ئاگری ئەو دەیسووتێنێ !

(28)
تۆ بەو هەموو غروورەوە
بە سنگێکی قووتەوە لە چی دەڕوانی
دەڵێ ی سوپا پەنجە ی منت شکاندووەوە !
تۆ بەو هەموو خرۆشەوە
گەرەکتە چ پەیامێکی سوور بنێری ؟
وافڕین لە باڵندە دەفڕێنی و شیعر لەمن
باران لە خوا و دیسان دیسان شیعر لە من !
(29)
بۆن بە گوڵێکەوە مەکە ،
عەتری هەناسەمی لەگەڵ نەبێ
سەرنج بە گەڵای سەرچڵێ مەدە
لە سێبەریا ، قەڵەم خەفەی شیعری تیا کردبێ
(30)
ئەو بە کراسێکی تەنک و تەنکۆڵەوە
بە تریفەیەکی درەنگ دەچوو
دوێ شەو لە چاوانی شاردا
قەتیس مابێ !

(31)
کەبەیانیان لە لێوانت
شنەی پێکەنینێ پەیا دەبێ

هەتاو بە خەرمەنی خۆوە هەڵدێ !
کە سێوێکیش بەسەر چڵی سەرسنگتەوە
نازدەیگرێ و پەیا دەبێ
هەر بەو سێوە ڕکوع دەبەم
تا خوا ڕۆحم لێ دەسێنێ !
(32)
یەک پارچە قەیاغی جوانی و
یەک پارچە شیلەی هەنگوینە
کە بە ڕووتی لەشی گۆشتنت دەبینم
ئاگر پەنجەرەکانم لی دەگرێ و
بە مەجبووری دەڵیم
وای خودایە ، مێ چ مەخلووقێکی دڵگیرە !

(33)
بە شانی زەل و زوولدا مەچۆرە نێو ئاو
با سەوزایی گیانت نەخوا
چەن جارم ووت ،
بە ئاودامانێکی شل وملەوە تۆ
لە چەقی چەمدا مەوەستە
نەبا ماسیش عاشقت بن !

(34)
بەو باخەدا
تەنیا مەڕۆ
تۆ نازانی ئەم لاسەی تۆ
غیرە لە با و
غیرە لە چڵی ئەو درەختانەش دەکا !
(35)
هەر جارێ تۆ
کراسێ مۆر لەبەر دەکەی
من زێدەتر لەتەک وەنەوشەدا مەفتوون دەبم !
نەک هەر مەفتوون
وەک هەراڵەی نسرمی ڕەش
بە ئاوی مۆر خەڵتان دەبم !

(36)

که له‌ڕۆخێکی لمیندا ،
به‌له‌شێکی پڕکرێمی
عه‌ترینه‌وه درێژ ده‌بی
سێبه‌ری ئه‌و چه‌تره جێ مه هێڵه
کچێ ئاخه‌ر خوا بناسه
هه‌تاو به گڕی وا
چاوانی به کوێر ده‌ڕوا !

(37)

تۆ له فووستانێکی سووردا
شه‌ڕت به ئاگری دۆزه‌خ ده‌فرۆشت !
هێن جوان بووی
له‌فڕینی کۆترکانی سه‌ر سنگتا
کانی ، کانی
ئاگر و له‌ززه‌ت ده‌ته‌قین !

(38)

به پاڵ دیواری میهره‌وه
ڕێ له کووچان مه‌گره
چاوی عاشق نه‌بێ
ئێوه‌ش ، گابه‌ردێکن له ڕه‌وه‌زان !

پایزی 2005/ئه‌ڵمانیا